# گەشتەکانی (ماکسێنس فێرمین)

## لەنێوان بەفری ژاپۆنیو چای  چینی دا



نزار ئاغری

لە عەرەبییەوە: ئازاد بەرزنجی





ماکسێنس فێرمین تەمەنی سی ساڵان بوو کاتێ یەکەمین ڕۆمانی خۆی، واتە ڕۆمانی (بەفر)ی لەساڵی 1999دا بەچاپ گەیاند و هێندەی پێ نەچوو دوو ڕۆمانی تری بڵاوکردەوە:
(کەمانچە ڕەشەکە)و (تلیاك).
ئەم ڕۆمانانە بوونە هۆی ئەوەی نووسەرەکەیان وەکو یەکێك لە تریش هەیە کەوا لەخوێنەر ئەکات سەرسامی نووسینەکانی بێ: ئەو حیکایەتە سەیرانەی کە لەمێژووی کۆنەوە سەرهەڵئەدەن و لەشوێنە دوورەکاندا ڕووئەدەن. بەبەرگێك لە هەستی ناسك و سۆزی نەرم ئەم حیکایەتە ئەپۆشێت و لە ڕەوتی گێڕانەوەیەکدا کە نەغمەیەکی ڕۆمانسی بەسەریدا زاڵە.



ڕۆمان نووسە نوێیە بەهرەمەندەکانی فەرەنسا بخەنە بەرچاو. چەند ڕۆمانێکی کورت، کە ژمارەی لاپەڕەکانیان کەمە، بەجارێك دەخوێنرێنەوە. وێنەی دروستکراو و زمانی ئەدەبیی بەباقوبریقیان نییە. خوێندنەوەیان ئاسانە. لەگەڵ ئەمەشدا خوێنەران بەگەرمییەوە پێشوازییان لێ کردن، ڕەخنەنووسانیش ئافەرینیان لێ کرد.

نووسەر بەهرەیەکی ئاشکرای هەیە لە دارشتنی دەقی ڕۆمانەکە و پلۆتی گێڕانەوەییدا. هەروەها ئەو سادەیی ئەکاتە هونەرێك کە جۆرێك لە شیکی بەزمان ئەدات، بەڕادەیەك کە ڕستەکان بەئاسانی و چڕیی خۆیانەوە، لە بڕگەی شیعری ئەچن. بەڵام شتێکی

لەڕۆمانی (بەفر)* دا یۆکۆی لاوی ژاپۆنی، بڕیار ئەدات ببێت بەشاعیر. هەموو ڕۆژێك بەتەنیا لەسای سێبەری درەختێکی گەورەدا دائەنیشێتو شیعر ئەنووسێت. هەموو ڕۆژێك خەیاڵی بەسەر کاغەزی سپیدا ئەڕژێت. زۆر لەسەرخۆ دەنووسێت، هەر بۆیە ساڵانێك دەگوزەرێ ئینجا چەند دێڕێك دەنووسێت. بەدژوارییەوە دووی هزرو وێنەکان ئەکەوێتو سەبارەت بەتاقە شتێکیش ئەنووسێت، کە ئەویش: بەفرە. ناوبانگ ئەداتەوە تا ئەگاتە دەرباری ئیمپراتۆر کە داوای ئەکەن تا لەبەردەمی ئیمپراتۆردا شیعر بخوێنێتەوە. کچەکەی سەر بەدەربار پێی ڕادەگەیەنێت کە پێویستە بچێت بۆ لای گەورەترین شاعیری ژاپۆن،

کە ناوی سازوکییە، تا فێربێت چۆن خۆی لەسپێتی ناو شیعرەکانی رزگار ئەکات. لەبەرئەوەی شیعرەکانی بێڕەنگن‌و سپێتیی بەفر بەسەر هەموو شتەکانیدا زاڵە.

بەمجۆرە یۆکۆ بڕیار ئەدات سەفەری دووری خۆی بەرەو باشوور بکات، تا سازوکیی شاعیر سەرگوزشتەکەی سازوکی گڕوتین ئەخاتەوە دەمارەکانی یۆکۆ. وای لێئەکات ببێتە شاعیرێك کە بزانێ چۆن نەخشونیگارو رەنگ بەشیعرەکانی ئەبەخشێت، بەڵام ئەو گڕوتینە وای لێ ئەکات عاشقیش بێت.

هەروەها رۆمانی (کەمانچە ڕەشەکە) بەسەرهاتی (یۆهانز



ببینێت. بەڵام لەبری ئەوەی فێری نووسینی شیعری بکات، ئەو شاعیرە گەورەیە بەسەرهاتی ژیانی خۆی بۆ میوانە لاوەکەی ئەگێڕێتەوە، کە بەسەرهاتی خۆشەویستیەکەیەتی. ئەویش ئەوەیە کە کاتی خۆی کیژێکی سپی پێستی خۆشەویستووە، کە لە ئەوروپاوە هاتووە تا سەمای سەر تەنافی بەستراوی نێوان قوللەی کێوەکان پێشکەش بەخەڵك بکات. ئەو کیژە لەشەبەنگ ئەچوو، جەستە نەبوو، بەڵکو بەفر بوو. بەکیژەکەش ئەوترا (کلووە بەفر). تا رۆژێکیان کلووە بەفر لەسەر تەنافێکی زۆر بەرزەوە ئەکەوێتە خوارەوەو لەچاو ون ئەبێت. سازوکی بوو بوو بەشاعیرو ئەیزانی چۆن شیعرەکانی بەڕەنگی سۆزی هەڵچوو و عیشق‌و تاسەو شەونخوونی بڕازێنێتەوە

کارلسکی)ی لاو ئەگێڕێتەوە کە عاشقی مۆسیقایە. تەمەنی پانزدە ساڵان بووە کە قەرەجێکی بینیوە کەمانچەی ژەنیوە لەو ساتەوە یۆهانز بڕیار ئەدات ببێت بەمۆسیقاژەن. ئیدی بەهرەکەی دەردەکەوێ‌و بلیمەتیی لەژەنینی کەمانچەدا ئەکەوێتە ڕوو. تا ئەگاتە ئەوەی سەردانی پایتەختەکانی ئەوروپا ئەکات تا لەهۆڵە بەرزەکان‌و لەبەردەمی دەستەبژێرەکانی ئەهلی مۆسیقادا کەمانچە ئەژەنێت.

لەساڵی 1796دا ناپلیۆن هێرش دەباتە سەر ئیتالیاو یۆهانزیش وەکو مۆسیقاژەنێك دەچێتە ڕیزی سوپاوە. بەڵام ئەوەندەی پێناچێت بریندار ئەکرێ‌و پاش ئەوەی تیپەکەش پەرتەوازە دەبێت، بەتەنیا دەمێنێتەوەو خوێنی لێدەچۆڕێ‌و خۆی ئەداتە دەست چارەنووس‌و

مەرگ. کە شەو دادێ، لە نا و جە ر گە ی ئەو بێدەنگیو تەنیاییەوە دەنگێکی ژنانەی دێتەگوێ کە گۆرانییەکی سەیر دەچڕێت. وەکو سیحرێك لە یۆهانز بکرێ وایە. ئەو دەنگو گۆرانییە تەزوو بەگیانی یۆهانزدا دەهێنێتو ڕۆحی تەژی ئەبێت لەهێزێکی وەها کە بۆ ژیان هانی ئەداتەوە. گۆرانییەکە سێبەری مەرگی لێدوور ئەخاتەوەو وای لێدەکات لەسەر ژیان بەردەوام بێت. لەشەقامەکانی ڤینیسیادا کەمانچە سازێك ئەناسێت کە ناوی ئیراسمۆسە. کەمانچەی زۆر جوان دروست ئەکات. بەڵام بەتەنها کەمانێکیان سەرنجی یۆهانز بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت. کە ئەویش کەمانچەیەکی ڕەشە بەدیواری پێشەوەی ماڵی ئیراسمۆسدا هەڵواسراوە. کەمانچەیەکە زۆر کارامانە دروست کراوە. پتەوە، جوانە، وردەکاریی تیا کراوە. ئەوەی سەیریشە ئەوەیە کە ئیراسمۆس ناهێڵێت یۆهانز دەست لەو کەمانچەیەوە بدات یان بیژهەنێت، بەتەنها ئەو کەمانچەیەو بەس.

یۆهانز ئارامیی لێهەڵدەگیرێ. ئەو لاپرەسەنییەی لە دەروونیدا جۆش ئەخوات هانی ئەدات زۆر لەئیراسمۆس بکات تا نهێنیی ئەو کەمانچە ڕەشەی بۆ بدرکێنێت.

لێرەشدا دیسان سەرگوزەشتەیەکی خۆشەویستی هەیە. ئیراسمۆس بەسەرهاتی خۆشەویستیی خۆی ئەگێڕێتەوە. باسی ئەو کچە ئەکات کە ئەفسوونی لێئەکاتو دڵی داگیر ئەکاتو وای لێ دەکات کەمانچەیەکی ڕەشی بۆ دروست بکات، کەمانچەیەك کە هەموو تواناو کارامەیی خۆی تیادا بەکاردێنێت. بەڵام ئەم کچە کێیەو چۆن ئەفسوون لەئیراسمۆس ئەکات؟ ئەمە ئەو نهێنییەیە کە وردە وردە لەگەڵ ئاڵۆزبوونی هێڵەکانی گێڕانەوەدا ئەدگارەکانی ئەمیش ئاشکرا دەبنو بەوە کۆتایی دێت کە یۆهانزیش ئەکەوێتە داوی خۆشەویستییەوە. ڕۆمانی (تلیاك) ئەمجارەیان خوێنەر



دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات


بەرەو چین ئەبات، پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە (شارل ستۆ) کوڕی کابرایەکی ئینگلیزی دەوڵەمەندە کە بازرگانی چایە. ئەم کوڕە ڕۆژانە گوێ لەباوکی دەگرێت چۆنو بەچ شەوقێکەوە باسی چا بۆ کڕیارەکانی ئەکات. جۆرەکانی چا، نهێنییەکانی چا، تامی خواردنەوەی، سرووتەکانی چاخواردنەوە. گوێی لێ‌دەگرێت چۆن باسی چای سەوزو چای شینو چای سپی دەکات، کە بەمقەستێکی ئاڵتوون گەڵاکانی ئەبڕێو دەسکەوتنی زەحمەتە. چای سپی بۆ بازرگانی نییە. شارل ستۆ بڕیار ئەدات چای سپی بەدەستبهێنێت. ئەیەوێ پەی بەنهێنیی چاندنو شوێنی چاندنی بەرێت. بەمجۆرە بازاڕەکانی لەندەنو لیڤەرپولو شارەکانی ئێرلەندە جێدەهێڵێتو بەرەو (ئەوپەڕی دونیا) ئەچێت، بەرەو چین. بۆی دەردەکەوێت کە چین جیهانێکی ترە. جیهانێکی پڕ لەشتی سەیرو سەرسوڕهێن. گەڕانی بەدوای چادا بەرەو قووڵایی ئیمپراتۆریەتە گەورەکەی ئاسمانی دەبات. کاتێکیش بەهۆی بازرگانانی چاوە بە ر ە و ناوجەرگەی مەملەکەتی چا ئەچێت، لەوێ لۆشین ئەناسێت. ئەو بازرگانە گەورەیەی فرۆشتنی چای قۆرخ کردووە. بەڵام ئەمیش وەکیلێکی ئیمپراتۆری چایە کە کەس ناوی نازانێتو کەسیش دەموچاوی نەدیوە.

هیچ شتێك لۆشینو سەرۆکەکەی لەخشتە نابات، بەتەنها تلیاك نەبێت کەجێی چا ئەگرێتەوە لایان. ئینگلیز تلیاکی هێناوە بۆ وڵاتەکەو کێبەرکێیەکی بەهێز لەگەڵ چادا ئەکات. بەڕادەیەك کە تلیاك بەسەر ئەقڵی ئیمپراتۆری چادا زاڵ ئەبێتو وای لێ‌دێت ئەستەمە بەبێ تلیاك بژی. تلیاك ئەبێتە چەکی شارل ستۆ تا لەڕێیەوە بچێتە ناو ئیمپراتۆریەتی چاوە. لۆشین لەگەڵ خۆیدا بەناو کەژوکێوە سەختو دۆڵو نشێوەکاندا بەرەو پێدەشتێکی سەوزی ئەبات کە وەکو فەرشێکی مەخمەریی سەوز چای تیا ڕوواوە. سەدان ژن بەبێدەنگی گەڵای چا لێدەکەنەوە. شارل ستۆ لەژێر خێوتێکی بچووکدا قسە لەگەڵ ئیمپراتۆردا ئەکات. کە تەماشا ئەکات ئیمپراتۆر ژنە. لەپشت پەردەیەکی تەنکەوە قسەی لەگەڵدا ئەکات، بەتەنها سێبەری جەستەی ئەبینرێو دەنگیشی د ە نگد ا نە و ە یە کی ناسکی هەیە کە وای لێدەکات نا سینە و ە ی



دژواربێــت.

شــارل ســتۆ لــەوێ دەکەوێتــە داوی عیشــقەوە. سەوداســەریی بــۆ چــا ئەگۆڕێــت بــۆ سەوداســەریی بەرۆحێکــی ناســك کــە دیلــی دەکاتو دڵــی ئەڕفێنێــت.

ئایا شارل ستۆ چای سپی بەدەست ئەهێنێت، یان نا؟

هەروەهــا ئایــا لەژێــر کاریگەریــی ســیحری ئــەو عیشــقە رزگاری ئەبێــت؟ لەهەرســێ ڕۆمانەکەیــدا ماکســێنس فێرمیــن پشــت بەتەکنیکــی حیکایەتــە بەناویەکداچــووەکان دەبەســتێت، چیرۆکێــك بــەرەو چیرۆکێکــی ترمــان ئەبــاتو گێڕانــەوە بــەرووی چەندەهــا جومگــەی ئاڵــۆزدا ئەکرێتــەوە، بەجۆرێــك کــە دواجــار وەکــو مەتەڵێکــی بــێ چارەســەر دێتــە پێشــچاو. ئایــا کاریگەریــی هــەزارو یــەك شــەوە ئەبینینــەوە لەوانەیــە ئــەو کاریگەرییــە لەدوورکەوتنــەوەی بەئەنقەســتدا بێــت بــۆ شــوێنە دوورەکانو گــەڕان بــەدوای شــتی ســەیرو ئەگزۆتیکیــدا. مێــژوو دەهێنێتــەوە، شــەڕەکانی ناپلیــۆن، شــەڕی تلیــاك شــوێنی دوور. ژاپــۆنو ئیتالیــاو چیــن.

نووســەر مێــژوو پاکژئەکاتــەوە. ناســکی ئەکاتــەوە. لــەڕووداو ئــازادی ئــەکاتو ئەیکاتــە چوارچێوەیەکــی ئیســتاتیکی بــۆ کۆمەڵێــك تابلــۆی نــووسراوی ورد. ئــەم ڕۆمانانــە دەڵێــی ســێ ئەڵقــەی زنجیــرەی دەقێکــن. لێکچوونێــك لەفــەزاو شــێوازی گێڕانــەوەو هێنانــەوەی مێــژوو لەنێوانیانــدا هەیــە. لە(بەفــر)دا نووســەر بــەدووی نەریتــی ژاپۆنــی لەشــیعرو نووســیندا وێڵــە: ناســکیی هایکــۆو وردیو چڕوپڕیــی. لە(کەمانچــەی ڕەش)دا مۆســیقا لەفــەزای ڕۆمانەکــەداو لەباکگراوەندیــداو لەشــوێنی ڕووداوەکانــدا هەیــە. لە(تلیاك)یشــدا، چــا وەکــو مادەیەکــی سروشــتیو شــمەکێکی بازرگانــی، دیمەنێکــی هونەریــی ســەربەخۆمان بــۆ دەخولقێنێــت.

لەشــیعری رامێــنو هێمنــدا، کــە خــۆی لەهایکــۆدا ئەبینێتــەوە، ژاپــۆن ئامادە دەبێت. لەمۆسیقاو ژەنیــنو گۆرانیــدا ئیتالیاو، لەچاو تیلیاکیشــدا (چیــن).

دەڵێــی ئــەم نووســەر وڵاتــەکان ئەگــۆڕێ بــۆ هێــماو ئاماژەو مێــژووش پوخــت ئەکاتــەوە. وەك ئــەوەی بڵێــت کــە شــیعر لەهەمــوو ئیمپراتۆریەتــەکان گەورەتــرەو مۆســیقاش لەهەمــوو شــەڕەکان بەهێزتــرەو لەپشــت هەمــوو ئەمانەشــەوە (خۆشەویســتی) ئەبێتــە کۆڵەکەیەکــی پتــەوی ژیــان. ئــەو ژیانــە شلۆشــێواوەی کــە لەتەنافێکــی بەســتراوی نێــوان دوو شــاخ ئەچێــت، کــە بەســەر شــیوێکی قووڵــدا ئەڕوانێــت، کــە ئەویــش مەرگــە، کــە چاوەڕێــی بچووکتریــن پێترازانــە.**

* ڕۆمانەکانــی «بەفــر» و «هەنگەوان » و «کەمانچە ڕەشــەکە»ی ماکســێنس فێرمیــن لــە لایــەن ئــەم وەرگێــڕەوە کــراون بــە کــوردی و ناوەنــدی غەزەلنــووس چاپــی ســێیەمی کــردوون و لــە ئایندەیەکــی نزیکــدا چاپــی چوارەمیشــیان دەکاتــەوە.

* سەرچاوە:

پاشکۆی (ئفاق)ی ڕۆژنامەی (الحیاە)